


30.06.06

faraidun_73@hotmail.com
فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا

ڕۆژی یەك شەممە 6/25سەعاتێك پێش ڕاگەیاندنی ڕێکەووتنی نێوان ڕێکخراوی فەتح وبزووتنەوەی حەماسی ئیسلامی بۆ دەستگێرانەوەو مەحدودیەتکردنی چالاکییەسەربازیەکان لەبەرامبەرئیسرائیل و دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ بەرخوورو کارکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئەیهودئەیمەرد،ئەوهەواڵەمیدیاکانی جیهانی سەرقاڵ کرد کەهێرشکراوەتەسەرستوونێکی چاوودێری هێزەکانی ئیسرائیل لەسنووری غەزەوسەربازێکی ئیسرائیلی لەلایەن چەکدارەکانەوەبەبارمتە فرێندراوە، دەستبردن بۆئەم کارە کەباڵی سەربازی حەماس کەتیبەی عێزەدین قەسام پێی هەستاوەوکردوویەتیەچالاکی خۆی،لەبەرامبەرکاردانەوەی کوشتنی جەمال ئەبوسەمهدان کەمانگی ڕابردووکەوتەبەرئامانجی بوۆردمانی ئیسرائیلیەکان ،جارێکی دی توندوتیژیەکان خستەوەنێوان گۆڕەپانەکە کەزۆرترین باج ولێکەوتەی قوربانیەکانی بەرخەڵکی سڤیل وبێگوناهی هەردوولادەکەوێت،لەکاتێکدابەرەونائارامی بردنی ئەم ڕەوشەلەقازانجی هاووڵاتیانی فەلەستینی نیە، کەلەهەڵبژاردنەکانی 1/25 وهاتنی حەماس بۆناوپرۆسەی سیاسی تاکاتی ئەم ڕووداوەلەگێژاوی زیاتری ئیداری و هەلومەرجێکی پڕقەیراناووی تری ئابڵووقەی ئابووری دەژین،دەستبردن بۆئەم کارەش کەکاری تیرۆروفڕاندن دەگرێتەوە نەك چالاکی سەربازی،مانۆڕێکی دووبارەی سەرنەکەوتووەبۆدەسەڵاتی سیاسی فەلەستینیەکان،چوونکەهەمان سیناریۆی فڕاندن وبەبارمتەگرتن لەسەر سەربازی ئیسرائیلی لەساڵی 1994 تاقیکراوەتەوە،کەدەرئەنجامەکەی لەهەڵمەتێکی سوپای ئیسرائیلدا دەستەی ڕفێنەران وسەربازی بەبارمتەگیراولەکاناری غەزەکەوتنەبەربۆردومان وکوشتن. ٥

ئیسرائیل لەکاردانەوەی پۆزەتیفانەدا بۆوەڵام بەوکارە هیچ ئامادەییەکی پیشان نەداوەبۆداواکانی حەماس لەمەڕئازادکردنی گیراوەکانی خوارتەمەن هەژدەساڵ،بەڵکوبەپێچەوانەوە سوپاکەی بەرەو کەرتی غەزە ملی ناوەو،تائەوەی دەیەوێت فشارەکانی بۆسەرووڵاتی سوریا چڕبکاتەوە،چاودێرانی سیاسی پیان وایەئیسرائیل دەیەوێت لەرێگەی فشارەکانی ، بەشارئەسەدی سەرۆك کۆماری سوریا بخاتەژێرئەوکاریگەرەی کەڕاستەوخۆلەئازادکردنی سەربازە بەبارمتەگیراوەکەهاوکاربێت،چونکەئیسرائیلیەکان وای دەبینن کەخالیدمەشعەل یەکێك لەسەرکردەدیاروبەرجەستەکانی حەماس ودژی بردنەپێشەوەی پرۆژەی ئاشتییەلەگەڵ ئیسرائیل ، نیشتەجێ وگوێگری دیمەشقی پایتەختی سوریایە ٥

حەماس لەکاتێکدابانگەشەوکاربۆئەوەدەکات لەگەڵ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین فەتح،بچێتەناوپرۆسەی ئیداری ودەوڵەتەوە،بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوون لەدروشم وکارکردن بەعەقڵی ئۆپۆسیسێۆنی حزبێکی ئیسلامیەوە، درێژەدانە بەماڵوێرانیەکانی خەڵکی فەلەستین کەزیاترلەنیوسەدەیەقوربانی ئەوهاوکێشەسیاسییەئاڵۆزەن،دەبێت حەماسی ئیسلامی لەوەبگات کەناتوانێت لەلایەك بانگەشەی دەوڵەتداری وحکومەتی قانون بکات لەلایەکی تر پشتیوانی لەتیرۆروڕفاندن وبەبارمتەگرتن بکات،،ئەمڕۆهاوکێشەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆشایی ئەوەی تیانەماوە بە مێنتالیتێتی ئیزدیواجیەت ودووفاقی کاربکرێت